چۆلەکەپەرچە–ی لێڕەواران (98)
سسک جنگلی
Phylloscopus sibilatrix
Pouillot siffleur
Wood warbler

١٢٫٥ سانتیمێترە. پشتی سەوزی مەیلەو زەردە. سینگ و ملی زەردی گۆگردییە. بەرزگی سپییە. برۆی زەردباوە. باڵی بەرەنگی قاوەیی زەیتوونییە و سەری شاپەڕەکانی زەردە. باڵی شۆڕ ڕادەگرێ. لەنێو داران دەژی. (256)

چۆلەکەپەرچە–ی مل سپی (99)
سسک گلو سفید
Sylvia communis
Fauvette grisette
Whitethroat

١٣٫٥ سانتیمێترە. پەڕ و باڵی ئاماڵ قاوەیییە. کلکی تاڕادەیەک درێژە و شاپەڕی کەناری کلکی سپین. باڵندەی نێرە سەری بۆری کاڵە و پایزان بۆری مەیلەو قاوەیی دەبێ. ملی تەواو سپییە و بەرزگی ئاماڵ سووڕەتییە. مێیە بۆری توندە و سەری ئامال قاوەیییە. لە سینگیدا تووکی سووڕەتی کاڵ هەیە. باڵندەیەکی نائارامە. کلکی قیت ڕادەگرێ و دایمە لەنێو پنچکاندا دێ و دەچێ. لەنێو پنچک و دڕکان دەژی. لەنێو پنچکان هێلانە ساز دەکا، هاوینان زۆر هەیە. (253)

چۆلەکەپەرچە–ی نیقابدار (100)
سسک نقابدار
Sylvia curruca
Fauvette babillarde
Lesser Whitethroat

١٣ سانتیمێترە. کلکی لە چۆلەکەپەرچەی مل سپی قولەتر و پشتی بۆرترە. تووکی دەوری چاوی ڕەشە و وەک پەچە دەچێ. دەنگی تایبەتی خۆی هەیە. خۆ نەدیو دەکا. لەنێو دار و پنچکی بەرز و پڕ دەژی. هاوینان زۆر هەیە. (253)



چۆلەکەپەرچە–ی نیقابداری بچووک (101)
سسک نقابدار کوچک
Sylvia minula
Fauvette babillarde des déserts
Desert Lesser Whitethroat

١٣ سانتیمێترە. وەک چۆلەکەپەرچەی نیقابدارە بەڵام پشتی قاوەیی مەیلەو خاکی کاڵە. دەم و چاوی ئامال ڕەش و سەری بۆری مەیلەو شینە. شاپەڕی کەناری کلکی تەواو سپییە. لە بیابانان لەنێو پنچکاندا دەژی. زۆر هەیە. (255)

چۆلەکەپەرچە–ی نیقابداری هیوم (102)
سسک نقابدار هیوم
Sylvia althaea
Fauvette babillarde de Hume
Hume’s Lesser Whitehroat

١٣ سانتیمێترە. وەک چۆلەکەپەرچەی نیقابدار دەچێ بەڵام پشتی قاوەییترە. کەلەکەی ئامال زەیتوونییە و سینگی ئامال سووڕەتییە. دندووکی گەورە دیار دەکا. لە داوێنی بەردەڵانی کێوان دەژی و لەنێو ڕەوەزاندا هێلانە ساز دەکا. زۆر هەیە. (255)

## تۆرمەی چەورووکە (14F)
Family APODIDAE

* پالوانە (؟)، پەڕەمەساسە (؟)، تەڕنەبابیلە، تەیر، تەیرەکوێرە (؟)، تەیرەن ئەبابیل، چەورۆکە، خەنجەربال (؟)، شەمشێربال (؟)، کاردەپلە (؟)، کاردەپەلە (؟).

ئەو باڵندانە ڕواڵەتیان لە پەڕەسلێرکە دەکەن. بەدەنیان باریکە و باڵیان درێژە و وەک دەمە داس دەچێ. کلک و قاچیان کورتە. بەپۆل دەگەڕێن. زۆر تیژباڵن و لە هەموو باڵندەیەک زیاتر دەتوانن لە هەوادا بخولێنەوە. نێرە و مێیەیان یەک ڕەنگن. لە کونـاندا هێلانە ساز دەکەن؛ بەئاوی زار گیاوگۆڵ بۆ دروستکردنی هێلانە تەڕ دەکەن. بریتین لە: چەورووکە، چەورووکەی ئالپی، چەورووکەی بچووک، چەرووکەی بۆر.